# ڕایەڵەی سەرەکواتاکانی پیری و تەنیایی و مردن لە هەردوو شیعری «ژمارە ۱۹» لە دیوانی *حەفتا پەنجەرەی گەڕۆک* و «پاییز لە ناو پاییزدا»ـی شێرکۆ بێکەس

**باخان ئەحمەد حەمە ئەمین** [I]

مامۆستای یاریدەدەری زمان و وێژەی کوردی، زانکۆی سلێمانی

خوێندکاری دوکتۆرای زمان و ئەدەبی فارسی، زانکۆی کوردستان، سنە

تاریخ دریافت: ۲ آذر ۱۳۹۷؛ تاریخ پذیرش: ۲۴ اسفند ۱۳۹۷؛ صص ۱۴۷-۱۶۵

## چکیده

ساختار هر متن ادبی شامل دو بخش اصلی است: فرم یا ساختار زیبایی‌شناختی که متن بر اساس آن شکل گرفته است و درون‌مایه یا تم که موضوع دستاورد ادبی است و از طریق زبان و چیدمان متون شناخته می‌شود. بعضی از درون‌مایه‌ها در تاریخ حافظه‌ی انسانی در زمینه‌های فکری، فلسفی، روانشناختی و در ادامه در شعر و ادب وجود داشته که درون مایه‌هایی نظیر «پیری، تنهایی و مرگ»، محل تفکر و اندیشیدن و پرسشگری بوده و تلاش شده است تا راز و رمز نهانی آن کشف شود. به ویژه مفهوم «مرگ» که موضوعی پیچیده و سرشار از سؤال و راز است و «بود و نبود و سرنوشت» انسان را در بر گرفته است. این مقاله بر آن است این مفاهیم و معانی را در هنر شعری تجزیه و تحلیل کند و از طرفی ارتباط، پیوستگی و زمانبندی این سه مفهوم را بیان، و از طرف دیگر ارتباط میان این افکار و اندیشه‌ها و نزدیکی آنها به هنرهای شعری را آشکار سازد. به عنوان نمونه، ارزش این اندیشه‌ها و نقش آنها را در تهییج و برانگیختن ذهن خواننده در دو متن شعری شاعر بزرگ، شیرکو بیکه‌س، مورد بررسی قرار داده‌ایم. نتیجه نشان می‌دهد که رابطه‌ی مهم و ناگسستني میان این سه درون‌مایه وجود دارد که وجود هرکدام از آنها، مستقیما خواننده را به یاد دو مفهوم دیگر می‌اندازد، به نوعی یک درون‌مایه‌ی فراگیرتر و کلی‌تر به متن‌ها بخشیده است که خود تاروپود و ارتباط میان آنهاست.

**واژگان کلیدی:** درون‌مایه، مرگ، تنهایی، پیری، شیرکو بیکس، تاروپود

## کورتە

هەر دەقێکی ئەدەبی پێکهاتەی دوو بەشی سەرەکییە، ئەوانیش: ڕوخسار یا ئەو بونیادە ئیستاتیکییانەی کە دەقەکەی لە سەر بنیات نراوە، هەروەها لایەنێکی گرنگی تر، کە ناوەڕۆک یا تێمە و بابەتی بەرهەمی ئەدەبییە، کە لە ڕێگەی زمان و چنینی دەقەکانەوە گوزارشتی لێ دەکرێت. هەندێ تێمە هەن لە مێژووی بیری مرۆڤاتیدا، لە بوارەکانی فیکر و فەلسەفە و دەروناسیشدا و لە قۆناغی دواتریش لە ئەدەب و شیعردا، وەک: پیری و تەنیایی و مردن، بەردەوام جێگەی تێڕامان و بیرلێکردنەوە و پرسیار بوون و هەوڵدراوە نهێنی و دیوە شاراوەکانی لێکبدرێتەوە، بەتایبەتی تێمە-چەمکی «مردن» کە چەمکێکی زۆر ئاڵۆزە و پڕە لە نادیاری و پرسیار. بوون و نەبوون و چارەنووسی مرۆڤی لە خۆیدا هەڵگرتووە. لەم باسەی ئێمەدا هەوڵمانداوە ئەم چەمک و تێمانە لە ناو دەقی شیعریدا شی بکەینەوە و لە لایەکەوە پەیوەندی و بەدوایەکدا هاتن و قۆناغبەندیی نێوان هەرسێ چەمکەکە و لە لایەکی ترەوە پەیوەندیی ئەم بیر و چەمکانە و ئاوێزانبوونیان بە هونەرەکانی شیعر ڕوون بکرێتەوە. هەروەها بە نموونە بەهای ئەو بیرانە و ڕۆڵیان لە جووڵاندنی بیری خوێنەردا لە دوو دەقی شیعریی شاعیری گەورەی کۆچکردوو ـشێرکۆ بێکەس-دا لێکدەدەینەوە. لە ئەنجامدا گەیشتووین بەوەی کە پەیوەندییەکی زۆر پتەو و لێکدانەبچڕاو لە نێوان ئەو سێ تێمەیەدا هەیە و گوزارشت لە یەکێکیان لە دەقەکاندا، دووانەکەی تر وەبیر خوێنەر دەخاتەوە، بە جۆرێک تێمەیەکی گشتگیرتری بە شیعرەکان بەخشیوە، کە ئەویش خودی ڕایەڵە و پێوەندیی نێوانیانە.

**وشە سەرەکییەکان:** سەرەکواتا، مردن، تەنیایی، پیری، شێرکۆ بێکەس، ڕایەڵە

[I] bakhan_ahmad@yahoo.com

## ۱- پێشەکی

وەك لە فەرهەنگە ئەدەبییەکانیشدا ڕوونکراوەتەوە، «تێمە بۆ بابەت، یا ئایدیایەك کە شاعیر شیعرەکەی لەسەر بنیاتدەنێت، بەکاردێت» (مکاریک، ۱۳۹۹: ۱۲۰). سەرەکواتا یا خود تێمە، واتای بنەڕەتیی ناوەوەی هەر شتێکە، لە بواری ئەدەبیشدا «بریتییە لە بیری سەرەکی و بەهێز و گشتگیر لە هەر بەرهەمێکدا، هێڵێکی کێشراوی ناو هەر بەرهەمێکە، کە بارودۆخەکانی چیرۆکێك پێکەوە دەبەستێتەوە، تێمە ئاڕاستەی بیر و توانای بینین و دەرك‌کردنی نووسەرەکەی پیشان-دەدات» (داد، ۱۳۹۰: ۲۱۹). بە شێوەیەکی پوخت و چڕ تێمە:

> وشەیەکی یۆنانییە، بنەما دەگەیەنێ، ئەوەی کە بنەڕەتە، ئەو ڕووداوانەی کە بنەمای بەرهەمی ئەدەبیپێکدێنن. بابەت – واقیع و بەها ئیستێتکییەکان پێکەوەگرێدەدا. لە ڕووی واقیعەوە، ئەو ناوەڕۆکەیەکە لەبەرهەمەکەدا هەیە. لەڕووی ئیستێتیکییەوە دەتوانین باس لە ناوەوەی بابەتەکە، واتە: تایبەتمەندیی هونەریی بەرهەمی نوسەرەکە بکەین. (دیما، ۲۰۱۱: ۹۱)

وەك ئاشکرایە باسکردنی «تەنیایی و پیری و مردن» جگە لەوەی بەردەوام وەکو چەمك و بابەت، تێمە و ناوەڕوکی بەرهەمە ئەدەبییەکانن، هەروەها ئەمانە لە بواری فەلسەفە و دەروونزانیشدا جێگەی مشتومڕی زایانان و فەیلەسووفان بوون، بۆچوونە ناو باسەکە و ڕەواییدان بەوەی تا چەند دەکرێ جێگەی بیر و فەلسەفە لە ئەدەب و شیعردا بکرێتەوە، ڕوونکردنەوەیەکی تیۆریک لەو بارەوە دەدەین و ئەو پێوەندییە دەخەینە بەرچاو، هەرچەندە هەندێك لە تیۆردانەرانی ئەدەب لەوانە جۆرج بوئیز، پێیان وایە ئەو فەلسەفەیەی کە لەناو ئەدەبدایە تێکەڵی زیادەڕۆیی ئەدەب دەبێت و جگەلە دوانێکی ئاسایی دەربارەی فانیبوون و نەزانینی چارەنووس شتێکیتر نییە (ولک و وارن، ۱۳۹۰: ۱۲۱)، بەڵام دەستەیەکی تر «ئەدەبیات بەجۆرێك لە فەلسەفەیا بیر (دەکرێ بە جۆرێک بڵێین تێمە) دەزانن، کە لەپشتی پەردەی شێوەوە شاردراوەتەوە» (سەرچاوی پێشوو: ۱۲۰).

هەڵبەت لەگەڵ بیردا ئاستی هونەریبوون و شیعرییەتی دەقەکەش زۆرگرنگە، هاوڕێ لەگەڵ ئەو بەهایەدا کە هونەریبوون هەیەتی بۆ دیاریکردنی دەقێکی باش، دەربڕینی سۆز و هەستە دەروونییەکانیش پێگەیەکی سەرەکییان لە بەرهەمی ئەدەبیدا بە تایبەت شیعر هەیە، بەڵام «هەرچەندە تاقیکردنەوەی شیعری، عاتیفی بێت، هەرگیز لە بیری شاعیر دوور ناکەوێتەوە» (مەجید مەحموود و فواد مەجید میسری، ۱۹۷۸: ۳۱)، واتە دەتوانین هەمان بۆچوونی هیگل دووبارە بکەینەوە لەوەی کە ئەدەب خواستی بۆ ئاوێتەکردنی فاکتی عەقڵانی لەگەڵ فاکتی ئیحساسی دایە و دەڵێ هونەر ڕەوتێکی جیاواز لەڕەوتی فەلسەفی دەپێوێ (دایما، ۲۰۰۶: ٤١٣)، جیاوازی ئەم ڕەوتە لەوەدا نییە کە ئەدەب دوور بکەوێتەوە لە واقیع و بیرە فەلسەفییەکان

بەڵکو «بەمجۆرە جارێکیتر هونەر بە بەراورد لەگەڵ پرۆسەی ڕاستییەکان نە تەنیا ڕەنگدانەوەی خەیاڵی نین، بەڵکو ڕاستییەکی بەرزتربووە و حەقیقیتر پیشان دەدات» (سەرچاوەی پێشوو: ٤١٢). ئەمە جگە لەوەی داهێنان و نوسینی ئەدەبی و هونەری خۆی لە خۆیدا جەنگێکی نەبڕاوەیە بو خۆسەلماندن و بەگژداچوونەی چەمکێکی فەلسەفیی وەک مردن، تا لە ڕێگەیەوە بوون و جەوهەری مرۆڤ لە داهێناندا بەهادار بێت، چونکە بە ڕای زۆرێك لە فەیلەسوفان مرۆڤ بوونێکی کاتی و ناتەواوی هەیە و داهێنان پرۆسەی بەردەوامە لە نەبوونەوە بەرەو بوون و مرۆڤ پێویستی پێیەتی، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەگەر مرۆڤ داهێنەر نەبێت، ناتوانێ خۆی تەواوبکات، بەم جۆرە داهێنان دەبێتەپێشمەرجی ئۆنتۆلۆجی بۆ بوونی ناتەواویی نووسەر وەك مرۆڤ (محەمەد کەمال، ٢٠٠٤:١١٨) و ئەمەش ڕێگەیەکە بۆ ڕێگریکردن لە مردن و مانەوە و بوونی بەردەوام. بە جۆرێك وەك نوسەر سەلاح حەسەن پاڵەوان دەڵێ: «دەق ململانێی نێوان ژیان و مەرگە» (حەسەن پاڵەوان، ٢٠٠٢: ٤٦)، هەرچەندە هەموو جۆرە داهێنانێك گرنگی و بەهای خۆی هەیە بەڵام جیاوازی لەگەڵ کاری ئەدەبی و هونەریدا هەیە،کە تیایدا تەنیا بیر لە بایەخی کاری هونەری ناکرێتەوە، بەڵکوو «دەمانەوێت بزانین تاکوو چپلەیەکی سەرکەوتوو بەرهەمە هونەرییەکە ڕاستی بوونی بۆ کردووین بە دیاردەیەکی ناسراو» (محەمەد کەمال، ٢٠٠٤: ١٢١).

شاعیرانیش وەك داهێنەرێك ڕۆڵیان لەو تێگەیین و پیشاندانەدا هەیە، بە تایبەتی شاعیرانی هاوچەرخیش ڕەنگە زیاتر دەرگایان بەڕوودا کراوە بێت، وەك لێکۆڵەرێکی ئێرانی -پروانە رووین اهلی - دەڵێ: واقیعبینی و بیرکردنەوە لە مرۆڤ، شاعیرە نوێکانی ناچار کرد، کە کاریگەریی زۆری لەسەر ناوەڕۆکی شیعر هەبێت، بە ڕادەیك کە شاعیری هاوچەرخ لە خستنەڕووی حاڵەتە دەرونییەکانیشدا، دووبارە لە مرۆڤ و کومەڵگاو سروشت غافڵ نابێت (ر.ج رووین اهلی، ١٣٩٢). واقیع و چۆنێی چنینی، یاخود پەیوەندییان بۆتە تێمەی هەندێ بەرهەمی ئەدەبی، بە شێوەیەکی گشتی لەبەر ئەوەی ئەدەبیات تێڕوانینی تایبەت و گشتییە بۆژیان شاعیر بێ ئەوەی دەربەستی تەنها یاسایەك بێت، وەڵامی کومەڵێك پرسیار دەداتەوە کە بابەت و پرسیاری فەلسەفیشن، بەڵام لە شێوەی شیعر و لە سەردەم و بەڕێگەی جۆراوجۆر لەوانە: تێمە-بابەتی چارەنووس، رۆح و سروشت، بوون، مردن، یادەوەری، خێزان، ... چەندانیتر (ولك و وارن، ١٣٩٠: ١٢٧). بۆ تێگەیشتن لەو چەمکانە و دیاریکردنی ئاستی فکری و دەروونییان و شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکان بە شێوەی ئەکادیمی، پێناسە و ڕاڤەیەکی کورت بۆ هەر سێ چەمکەکە و پەیوەندییان لەگەڵ یەك و لە شیعردا بە پێویست دەزانین.

## ۲ـ پیری و تەنیایی

ئەگەر لە کورتترین و پوختترین پێناسەیدا پیری بەوە بناسێنین، کە بریتییە لە هەڵکشانی تەمەن و گۆڕانکاری لە ڕوخسار و دەروون و عەقڵ و هەموو جەستەی مرۆڤدا. پیربوون لە حاڵەتە ئاساییەکەیدا کۆتا قوناغی ژیانە و زۆربەی جار هاوشانە لە گەڵ کامڵبوون و هەبوونی زانیاری و ئەزموونی زۆر لە بارەی ژیانەوە، هەروەك چۆن «لەسەر بنەمای ئەریکسون، پیری ئاخرین قۆناغی ژیانە کە تاك لە ئەودا هەموو ڕابردوو کۆدەکاتەوە» (تذرجی و همکاران، ۱۳۸۹: ۲۷). تەنیاییش ئەو چەمکەیە کە لە بوارە جیاوازەکاندا بەتایبەت فەلسەفە، جێگەی تێڕامانە و قوڵترین ڕاستییە لە حاڵ و دۆخی مرۆڤدا، هەرچەند زیاتر شێوە و حاڵەتێکی دەروونییە، چونکە مرۆڤ لە ئەو کاتانەدا هەستی پێدەکات کە بە فیزیکی تەنیا بێت و کەس لێی نزیك نەبێت، سەرباری ئەوەی لە زۆر باردا بە تایبەتی شاعیران و داهێنەران هەرچەند لەناو خەڵکیشدا بن، بەڵام هەستی تەنیایی دایان دەگرێت چونکە ئەوان لە دڵەڕاوکێ و بیری داهێنان و لێکدانەوی ژیاندان، لە کۆندا ئەم هەست و ئیحساسە کەمتر چەمکێکی نەرێنی هەبووە و ویستراوە، هەندێ جار بە ویستی کەسەکان بووە و بۆ مەبەستی قوڵبوونەوەو خەڵوەت سوودی لێبینراوە بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنەدا ئەم حاڵەتە زیاتر نەرێنییە و خواستراو نییەو هەڵقوڵاوی دوورەپەرێزی و نەبوونی هاودەم یا جۆرێک لە نامۆبوونی خودە. (رحیمزاده و هاوکاران، ۱۳۹۰: ۱۲٤).

ئەم هەستەش لەو کومەڵگایانەدا کە زۆرتر کومەڵایەتین زۆرترە هەرچەندە خێزان و کۆمەڵگە ڕۆڵی لە کەمکردنەوەی ئەو هەستەدا هەیە، بەڵام کاتێك لە ناوەوە مرۆڤ هەستی بە دووری کرد ئەو پێکەوەبوونەش یارمەتی نادات و بگرە خراپتری دەکات (سەرچاوەی پێشوو، ۱۳۹۰: ۱۲۵)؛ چونکە جیاوازی لە نێوان خۆیی و ئەوانیتردا دەبینێت. ئەوەی بۆ ئێمەگرنگە خودی هەستی تەنیایی نییە، بەڵکوو ئەو هەستەیە کە بەهۆی پیرییەوە دروست دەبێت و نێوانماوە دەخاتە بەینی تاکی پیر و ئەوانیترەوە، چونکە وەك دەزانین ئەوەی لە پیریدا زۆر خەمهێنەرە مردن- لەدەستدانی پراکتیکیی زۆربەی هاوتەمەن و دۆستان و ئەوانەی دەتناسین، بەشێک بوون لە تۆ، کە بەڕاستی هەستێکی ترسهێنەرە، پیر دەبینێت ئەوەی لە چواردەورییەتی زۆربەی زۆریان لەو منداڵترن بە شێوەیەکیتر بڵێین بابەتێکی هاوبەش کەمتر هەیە بۆ ئەوەی پەیوەندیی بە هۆیەوە دروست بکاتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی نزیکبوونەوە لە مردن کە لە پیرییدا زیاتر بەرپایە و واقعێکی حاشا هەڵنەگرە، کە خەمۆکی و تەنیایی دروست دەکات، لێکۆڵەران پێیان وایە باڵاترین ئاستی خەمۆکی دەست پێدەکات لە تەمەنی ٥٥ - ٦٤ و لە هەندێ مرۆڤدا لە٦٠- ٦٩ ساڵیدایە (تذرجی و همکاران، ۱۳۸۹: ۲۷)، کە ڕەنگە هۆکاری زۆری ئەو خەمۆکییە سەرباری ترس و دیارنەبوونی چارەنووسی دوای مردن، بە تایبەت بۆ ئەوانەی کە بیر و باوەڕێکی

ئاینی بە سەریاندا زاڵ نییە، بیرکردنەوەی زۆر لە خودی چەمکی بوون و مردن لە ئاستە قووڵە فەلسەفییەکەیدا بێت، چونکە «تاك لە بەردەم مردندا، بە تەنیاو بێ ئەوانی دیکە دەوەستێ و پیای دەڕوات. کەسانی دیکە بەشداری ئەزموونەکەی ناکەن و ناتوانن بۆ ئەو بمرن» (محمدکمال، ۲۰۰٤: ۱۵۵). ڕەنگە مرۆڤ لە ژیانیدا و لە هەموو قۆناغەکانی تەمەنیدا هەست بە تەنیایی بکات، بەڵام تەنیایی پیری زۆر جیاوازترە و بەردەوام مردن بە بیری تاکدا دێنێتەوە، مرۆڤ زۆر ئەزموونی تەنیایی دەکات بەڵام هەروەك دکتۆر محمدکمال دەڵێ: «هیچکام لەم ئەزموونانە وەکوو مردن هێندە بە زەقی و پڕی تاکی و تەنیایی تاك دەرناخات و ناکەوێتە ژوور پەیوەندییەکانی نێوان تاك و کەسانی دیکەوە» (سەرچاوەی پێشوو: ۱۵۵).

هەروەك دەزانین مرۆڤ لە بەرامبەر ئەم هەست و بیرانەدا دەستەوەستان ناوەستێت و بەردەوام ڕێگەچارە دەدۆزێتەوە، بۆ بیرچوونەوە و خۆلادان لە هەستی تەنیایی چەندین ڕێگا دەگرێتەبەر، کە یەکێك لە گرنگترین و پڕ بەهاترین ڕێگەگەڕانەوەیە بۆ وتنی یادگاری و گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو لە شێوەی چیرۆك و یادەوەریدا هەرچەندە گێڕاەوەی یادگاری لە هەندێ باردا ناڕازی بوونە بە باری ئێستا و نیشاندەری نائومێدییە لێی و دەنگدانەوە-هالەیەکە لە تەنیایی، کەچی بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر یارمەتیدەری سەرەکیی ڕەوینەوەی تەنیاییە لە مرۆڤدا، بە تایبەتی لە پیراندا، لەم بارەوەچەند  لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لە وڵاتی ئێران کراوە، ئەنجامەکانیان دەریان خستووە، کەگێڕانەوەی یادەوەری ڕۆڵی گرنگی هەبووە لە کەمکردنەوەی خەمۆکی و هەستکردن بە تەنیایی ئەو بەساڵاچوانەدا کە لێکۆڵینەوەیان دەربارە کراوە، بە تایبەتی گێڕانەوە بە شێوەی گرووپ ئەوەش هاوکارە، تا پەیوەندیی خێزانی و باوەڕبەخۆبوون زیاد بکات (تذرجی و همکاران، ۱۳۸۹: ۲٦،۲۸). وەك دەزانین ڕابردوو و چیرۆکەکانی هەمیشە خۆش و جوان نین و نەبوون، کەچی لە کاتی تێپەڕکردنی ئەوەدا و لەپیریدا، دووبارە سازکردن و وەبیرهێنانەوەی ئەو چیرۆکانە، ئەزموونە باش و خراپەکانی ڕابردوو بەهادارەدەکات، ئەوەش هۆکاری کەمکردنەوەی خەمۆکی و هەستی تەنیاییە، چونکە گۆڕان لە باری دەروونیدا درووستدەکات و یارمەتیی بە ساڵاچوو دەدات کە لەگەڵ گوێگری خۆیدا پەیوەندی درووست بکات (سەرچاوەی پێشوو: ۳٦). ئەم تەکنیکە لە نەخۆشخانە دەروونییەکان و خانەی بەساڵاچوواندا کاری پێدەکرێت، چونکە ئەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی ئاسان و بەردەستە بۆگەشەی سەلامەتیی دەروونی و پێشگرتن لە هەستی تەنیایی پیران و هیچ ئەنجام و کاریگەریی خراپی نییە و لە جیگەی دەرمان و لە بواری ئابووریشدا سوودی بەرچاوی بووە.

جا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم پەیوەندییە لە دەقە شیعرییەکاندا، دواتر نموونەکان و شێوەی پەیوەندییەکان ڕوون‌دەکەینەوە، کە زۆربەی جار لە ڕێگەی ئاماژە زمانییەکان و وێنە

شیعرییەکانەوە ئەوە خراوەتەڕوو، بە تایبەتی لە ڕێگەی سیمبولەکانی ڕەنگەوە، گەنجی و پیری و لاوازی دەرخراوە، وەکوو ئەدەبی زۆربەی نەتەوەکانی‌تری ڕۆژهەڵات زیاتر لە ڕێگەی ڕەنگی زەرد و سپییەوە ئەوە کراوە، هەرچەندەڕەنگی زەرد لە کۆندا و لە وێنەکێشانی هونەرمەندانی کۆن ئاماژە بووە بۆ دنیای سەرسوڕهێنەری خۆرو ڕووناکی و نوورو دیاردە پیرۆزەکان، بەڵام لە ئەدەبی فارسی کوردی و ڕۆژهەڵاتدا واتای نەرێنی و خراپی هەیە و نیشانەیەکە بۆ لاوازی و نەخۆشی، خەزان و وەرین، ترس، غەم، پیری، بێ‌توانایی، ماوەی درێژی ڕەنج و ئازاری عاشق، ئەوەش لە بوونی نەخۆشییەکەوە سەرچاوەی گرتووە، بە ناوی «یرقان - زەردوویی»ەوە کە لە کۆندا هۆکاری مردنی چەندین کەس بووە. (ششده و صفابخش، ۱۳۹۱: ۱۱۹). نموونە و سیمبولەکان دواتر لە شیعرەکاندا دەخەینەبەر دیدە.

## ۳- مردن

تێڕوانینێکی پوخت و پێناسەی مردنیش بەوە دەکەین، کە مردن وەستانی کات و ژیان و جوڵەیە و پڕنهێنی‌ترین ڕووداوی ژیانە، ئەم چەمکە جێگەی زۆرترین باس و لێکدانەوی مرۆڤ بووە، بەردەوام زەینی مرۆڤی بە خۆیەوە سەرقاڵ‌کردووە و بابەت و تێمەی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و ئایینی و ئەدەبی بووە، ناکرێ باسی ژیان بکرێت و بیر لە مردن نەکرێتەوە، مردن بەپێی بیروڕای هایدگەر «بریتییە لەو توانایەی کە ئیتر ئەو ناتوانێت لێرە بیت» (محەمەد ئەمین عەبدوڵا، ۲۰۰۸: ۳۳)، واتە نەبوونی ئەو-هەر شتێک و کەسێک لە ژیاندا، هەندێ کەس مردن بە شتێکی جیانەکراوەی ژیان دەزانن و وەکوو کۆتایی ئەو پێناسەی دەکەن، هەندێکیش بە دژی ژیان ناوزەدی دەکەن، بابەتی مردن جگە لەوەی بابەتی گرنگ و بەرچاوی فەلسەفەیە تا ڕادەیەك، چونکە بۆچوونێک هەیە دەڵێت: فەلسەفە شتێکی جگە لە باسکردن و شی‌کردنەوەی دووبارەی مەرگ لە پاڵ ژیاندا هیچی‌تر نییە، هەروەها وتوویژ لەبارەی مەرگەوە، لە وتە زۆر ئاڵوز و گرنگەکانیشە لە زانستی دەروونناسیدا (فهیم‌کلام و محسنی، ۱۳۹۰: ۱۳۲-۱۳۳).

لە بواری ئەدەبیشدا سەرەک‌واتای مردن یەکێکە لە کۆنترین بابەتەکان و بە شێوازی جۆراوجۆر باڵی بەسەرکەش و هەوای ئەدەبیدا کێشاوە، هەر لە زۆر کۆنەوە داستانە شیعرییەکان و ئەفسانەکان ئەم بابەتەیان وەك مەکۆ و تەوەری سەرەکی باسکردووە. بۆ وێنە، داستانی *گەلگامێش* یەکێکە لەوان، کە پاڵەوانەکەی لە هەوڵی گەڕان بەدوای نەمری دایە و ڕووبەڕووی مەرگ دەبێتەوە. هەروەها لە *کۆمیدیای ئیلاهیی* دانتێ‌دا هەمان تێمە دەبینرێت، مرۆڤ لە دەقە ئەدەبییەکاندا لە ڕێگەی گەڕان بە دوای درەختی ژیان، شەربەتی مردن، ئاوی خدر، ڕووباری ژیان، بەردەوام بە شوێن دیاری‌کردنی چارەنووس و نەمریدا گەڕاوە (فلاح، ۱۳۸۷: ۲۲۵). مرۆڤ

لە بەرامبەر مردندا کاردانەوەی دژ پیشاندەدەن، چونکە ئەزمونێکە لەگەڵ ئەزمونەکانی تریدا یەك ناگرێتەوە، ترس گشتیترین و ناسراوترین کاردانەوەیە کە لە بەرامبەر مردندا دەینوێنێت (باقینژاد، ١٣٨٦: ٢٦).

زیاتر ئەم ترسە لە ڕێگەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێوە دەردەبڕێت، هەروەك میشێل دۆمۆنتین بە ڕوونی لەبارەی چەمکی مردنەوە دەڵێت: «ئێمە ژیان بە نیگەرانی دەربارەی مردن و مردنیش بە نیگەرانی دەربارەی ژیان ناخۆش دەکەین» (سەبور عەبدولکەریم، ٢٠١٤: ١٠٧). زیاتر کاردانەوەکان و ترس لە مردن لە شێوەی دڵەڕاوکێدا زانراوە و ئەدەب لە هەوڵی وێنەکردنی ئەم دڵەڕاوکێیەدا بووە، بیرکردنەوە لە مردن کەم و زۆر زهنی هەر هونەرمەند و شاعیرێکی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە. بە پێی ئایدیا و بیرکردنەوەی هەر نوسەرێك تێڕوانین بۆ مردن دەگۆڕیت. بۆ وێنە، «لە نێوان ئەو بیرمەندانەی کە مردن لە ژیان جیاناکەنەوە و ئەو لە بەرامبەر ژیاندا بە نەری و بێ ئەنجام دانانێن، مردن دیاردەیەکی ئارام بەخشە و فرسەت بە ئەو دەدات لە لایەکەوە تەنانەت لە مردنیشدا، واتایەك بۆ ژیان بە دەست بهێنێت، لە لایەکیترەوە ئەو فێردەبێت، کە بۆ باش مردن پێویستە باش بژیت» (فهیمکلام و محسنی، ١٣٩٠: ١٣٤).

یەکێك لەو شاعیرانەی کە باسی ژیان و مردن زۆر لە شیعرەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، لێکۆڵینەوەشی زۆر لەسەر کراوە، شاعیری ئێرانی ئەحمەدی شاملوو-یە، کە بە ڕای یەکێك لەو لێکۆڵەرانە «شاملوو ئەوە پیشان دەدات کە مردن تەنها ئەو ڕاستییە نییە کە لە کۆتایی تەمەندا دەگات، بەڵکوو سێبەرێکی شوومە کە لە دەقەبەقەی ژیاندا درێژبۆتەوە و ژیانی ئازاراوی پێکهێناوە» (باقینژاد، ١٣٨٦: ٣٦) وەك نوسەرێك دەڵێت: «دروستە کە مردن کاڵای بێهوودەیی بە بەری بووندا دەکات، بەڵام چۆکمان پێدادادات و ئاڵای سپیمان پێ بەرزناکاتەوە» (محمد کەمال، ٢٠٠٤: ١٦٠). لەگەڵ ئەو هەموو نیگەرانییەدا کە پێمانی دەبەخشێت کەچی بیری مرۆڤ بو داهێنان دەبات، لە بەرئەوەی «نیگەرانی و داهێنان و مردن لەیەکدی نابچڕێن و مردن کاتییەتی بوون دەردەخات و ئەم ئاگاییە نیگەرانی دەخوڵقێنێ و بۆ داهێنان هانمان دەدات (سەرچاوەی پێشوو: ١٦٠). لەم باسەدا باسی چۆنێتیی بیری مردن و پەیوەست بە دوو چەمکەکەی ترەوە لای شێرکۆ بێکەس دەکەین و چۆنێتیی دەرکەوتن و بەرجەستەبوونی لەو دوو شیعرەدا شیدەکەینەوە، سەرەتا بە پێویستی دەزانین دەقی شیعرەکان بنووسینەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر بە باشی بەرچاوی ڕوون بێت لەوەی ئێمە باسی کامە وێنە و نموونە دەکەی.

## ۴- دەقی شیعرەکان

### ۴ـ۱ـ شیعری ژمارە -۱۹- لە دیوانی *حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك*

هەروەختێ باخ
گوێی لە خشەخشی گەڵا وەریوەکانی
ژێر خۆی بوو
ئینجا ئیتر لەبەر خۆوە
ئەکەوێتە ورتە ورت و
گێڕانەوەی بەهارەکانی یادگار! (شێرکۆ، ۲۰۰۷: ۳۲)

### ۴ـ۲ـ «پاییز لە ناو پاییزا...!»

لەبەر ئەوەی کە دەقی ئەم شیعرە دوورودرێژە لێرەدا بە تەواوەتی نایهێنینەوە و لە ناو شیکارییەکەدا ئاماژە بۆ ئەو دێڕانەی دەکەین کە بڕیارە باسوخواسیان لەسەر بکەین.

## ۵- شیکردنەوەی نموونە شیعرییەکان

### ۵ـ۱ـ پیری

ئەو دێڕ و وێنانەی کە نیشاندەری تەمەنن (پیری-گەنجی) و جۆری پەیوەندییان بە دوو چەمکەکەی ترەوە دەخەینەڕوو. لە شیعری یەکەمدا نیشانەکانی پیری بە ناڕاستەوخۆ لە هونەری کەساندنی باخدا دەردەکەوێت، بە تایبەتی کاتێك باس لە وەرینی گەڵای درەخت و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو لە شێوەی گێڕانەوەدا، هاوشێوەی چارەسەر و خۆلادان لەو تەنیاییەی کە بە هۆی پیرییەوە تووشی بووە، کاتێك دەڵێ: «لە بەر خۆوەو بە ورتە ورت»، وەکوو ئەوە وایە کە ڕەنگە گوێگرێکیشی نەبێت و تەنیا بیت. واتە، بە پێی ئارەزووی گێڕانەوەی یادەوەری و تەنیا بوونی، بە پێی ئەو بنەما تیۆرییەی کە خستمانە ڕوو پیشاندەری پیری دەگرێتە خۆی، جگە لە ئاماژەیەکی ڕوونتریش کە ئەویش کاتی وەرینی باخە و باس لە ئێستەی درەخت دەکات کە پیر-کۆتا ڕۆژەکانی ساڵییەتی، ئەوە ڕابردووە کە بەهار و بەگوڕ بووە نەك ئێستە، بابەتی پیری، کاتێك وەکو وێنەیەکی کۆ لە شیعرەکە دەڕوانین، چ لەڕێگەی سیمبولی ڕەنگی زەردەوە -سیمای پاییز- چ لە وێنەی وەرین و لەرزین -خشەخشی گەڵاکاندا، تەواو باڵ بە سەر ئەتمۆسفێری دەقدا دەکێشێت. بەڵام لەچەندین جێگەدا لە شیعری دووەمدا وێنە و بەرجەستەکردنی ئەم چەمکە دەبینرێت، کە دەیانخەینەڕوو، (تێبینی: لە ژێر نموونە شیعرییەکاندا، ناوی سەرچاوەکەمان نەنووسیوە، چونکە

پێشتر کاتی نووسینی کۆی دەقەکە ئاماژەمان پێداوە و بە پێویستمان نەزانی دووبارەی بکەینەوە.) کاتێك دەڵێت:

تا پاریش ... پایز هەر
لەو دیوی دەروازەی حەوشەوە
لە کۆڵان، قژو پرچ، خۆڵاوی
لەگەڵ «با» ئەوەستاو هەندێ جار
دوای باران
لە درزی باریکی
پەردەکەی تەمەوە
تەماشای ماڵەکەی ئەکردم!،
تا پاریش پایز، هەر، لەڕێگەی تریفەی تەزیوی مانگەوە، (بێکەس، ٢٠١٣: ٣٠١)

دەستەواژەی تا پاریش، ناڕاستەوخۆ دان نەنانە بەپیری و دووربوونە لە پاییز وەکوو ڕەمزی پیربوون و بەرەو نەمان چوون، دەتوانین دەقەکە بە تەوای بکەین بە دوو بەشەوە بەشێکیان پێش و تا «پار»ە و نیشانەکانی گەنجی زاڵە بە سەر تەمەندا، بەشی دووەمیان لە دوای دەستەواژەی «وا ئەمساڵ»، کە وێنەکانی تەواو خوێنەر بۆ نمایشی پیری مرۆڤ و سروشت بانگهێشت دەکەن. هەرچەند ئەو وێنانە لە هەندێ شوێندا مەفهوومی ڕاستەوخۆی پیری نییە، بەڵام شیکرنەوەیەکە بۆ ژیانی لاوی و گەنجی کە لە ڕێگەی بەراوردەوە بۆگەیشتن بە واتای سەرەکی و نیشاندانی پیری دەسپێکێکی گونجاوە تا خوێنەر لە ڕێگەی ئەو دژانەوە (گەنجی ـ پیری، پار ـ ئەمساڵ، ڕابردوو ئێستا) بگات بە تێمە بنەڕەتییەکە. جگە لە وێنەکانی تر (زۆرجاریش لە پووش و پەڵاشی، وەڕس و بێزاری دەشتی بۆ ئەناردم)، پووش و پەڵاش بە جۆرێك ئاماژەیە بۆ پیربوون، بەڵام پیری سروشت، کە بە وشەکاتی «وەرسی و بێزاری»، «هەتاوی لاواز و نەخۆش» کە سیفەتی مرۆڤن و نیشانەیەکەیە لە پیری، پیریی سروشت و مرۆڤیش لە وەرزی پایزدا بەرجەستە دەکات.

لێرەدا هاوڕاییەك لەگەڵ بۆچوونەکەی ئەحمەدی شاملوو بەدی دەکرێت کە پێی وابوو مردن لە هەموو کاتەکانماندا بەرجەستەیە، ئەویش لە ڕێگەی هەست کردن بە پیری و نەمان و زەرد بوونی سروشت لە ڕێگەی وشەکانی «هینانی پوش و پەڵاش و وەرسی و بێزاری» کە لە تەمەنی گەنجی و منداڵیشدا هەستی پێکردووە. یان کاتێک دەڵێ :

وا ئەمساڵ
چون باخی ئاوارە... بێپرس و
بێ ئەوەی کەپێشتر

زەنگێکم بۆ لێبدا و پێم بڵێ
هاتۆتەماڵەوەو لەگەڵا خۆی
وەك دیاری
باوەشێ لە شیعری زەردەڵەی
هێناوە،
بۆ شەوی تەنیایی ژوورەکەم! (۳۰۲)

وشەکانی «بێپرس» و «بێ ئەوەی زەنگی بۆ لێبدا،» دروستکردنی پێوەندییەکە لە نێوان پیری و ئەو حاڵەتەی پاییزدا، ئەویش هاتنی کتوپڕ و هەستپێنەکردنییەتی، هەرچەندە پیری وردە وردە ڕوودەدات، بەڵام مرۆڤ بێ ئاگایە و بیری لێ ناکاتەوە تا ڕۆژێك چۆکی پێدادەدات، یان بڵێین کتوپڕ هەستی پێدەکات و ناچارەبێت دانی پێدا بنێت، چونکە هیچ ڕێگەی هەڵاتن لێی نییە، بە تایبەتی ئەو کاتانەی کە لەگەڵیشیدا تەنیایی ڕووی تێدەکات و چوار دەوری چوڵە. وەك پێشتر ڕوونمان کردەوە، ئەم پەیوەندییە جوان وێنە کێشراوە لە ئاماژە و وشەکانی «باخی ئاوارە، شیعری زەردەڵە، شەوی تەنیایی ژورەکەم»دا. وەك ئاشکرایە ئاوارە بوون لەگەڵ خۆیدا غەریبی و تەنیایی دینێ. زەردەڵەیی سیفاتی نەخۆشی و پیری مرۆڤە، وێنەی دووەمیش تەواو جەختکردنەوەیە بە بوونی تەنیایی لە پیریدا. دووبارە لە ڕێگەی بەراوردی جەستەیی و ڕۆحی گەنج و پیردا کە بەستراوەتەوە بە زاڵبوونی پاییز بە سەریدا، هەم وێنەی گەنجی کە بە هۆیەوە پیری ڕوون-کراوەتەوە، هەمیش وێنەی پیری و بە تەمەنیمان لە ڕێگەی ئەو پەیوەندییەوە بۆ دەنەخشێنێ کاتێك دەڵێ:

تا پاریش پاییز هەر
لەو دیوی حەساری لەشمەوە،
وەستابوو
ڕێی نەبوو
کە بێتە ناو ژووری لەشمەوە،
...
ناوەوەم داگیرکا و،
هەست بکەم ڕەنگێکی کۆیلەم و
هەست بکەم من ئیتر خۆم نیم و،
تەواوی تەمەن و جەستەمی،
وەك (مانگ) ی
ناو گۆمی حەپەساو،
تەسلیم کەم. (۳۰۳)

ڕێگە نەدان بە پاییز، نیشانەی گەنجییە، چونکە هیچ کاریگەریی دروست نەکردووە و هەست و نەستی وەك خۆی بەگوڕ و پڕهێز بووە، بە پێچەوانەی کاتی پیری، کە توانای ڕووبەڕووبونەوەی نییە و دەستەوەستانە و تەنانەت هەست بە کۆیلەبوون دەکات، ئەم وێنەیە بەستراوەتەوە بە مردن و چارەنووسە ترسهێنەکەی مرۆڤەوە، کە مرۆڤ نەلیی تیّدەگات و نە خۆی بۆ ڕزگار دەکرێت لیّی، هەر وەك دەڵێ «تەواوی تەمەن و جەستەمی» بە حەپەساوی و بێ ویست تەسلیم بکەم، پیشاندەری ئەو ڕاستییەیە، کە پیری بیرهێنەرەوە و گرتنەبەری ڕێگە سەرەکییەکەیە بەرەو مردن. یان لە شوێنێکی تردا دەڵێ:

هاتۆتە ماڵمەوە و هاتۆتە دڵمەوە و
چی بوێ ئەیکات و کونج بەکونج،
کووچەو شەقامی ناو لەشم ئەگەڕێ و،
وەك باخان پژوپۆم ئەڕنێ و،
نایشتوانم چوون خەزان
لەگەڵیا هەڵنەکەم! (٣٠٤)

هاتنە ماڵەوە بێپرس و هاتنی پاییز بۆ ناو دڵی، نیشانەی دەستەوەستانی مرۆڤ لە بەرامبەر بە ساڵاچووندایە، بە تایبەتی کاتێك شاعیر بێدەسەڵات دەکات و بەرگریی بۆ ناکرێ، کاتێک ئەو پایز = تەمەن هەموو پژوپۆی وەك سروشت و درەختان دەڕنێ، نیشانەیە لە بێتوانایی و بێدەسەڵاتی و تەسلیم بوون، و ئەم ڕنین و وەرینە تەواو کۆتاییەکانی تەمەن لە دێڕەکانی دواتردا دیاری دەکات، کە دەڵێت:

ئەوەتا وا پاییز
هاتۆتە چاومەوە و لەگەڵیا
چڵ بەچڵ،
تاڵ بە تاڵ،
مووی سەرو تەماشام
ئەوەرن. (٣٠٥)

وێنە و دەستەواژەکان (وەک وەرینی مووی سەرو تەماشام، لۆچی ڕوخسارم، زەردکردنی بەهاری تەمەن و ڕوخسار، کەپر بەستن و چەمینەوەی پشت و ئیسك و موورەغە سوان، بڕبڕە وشك بوون و نەوین، ماسوولکە شل بوون و بون بەپەڕۆ، خشە هاتنی ڕۆیشتن ـ قاچ خشان و هەنگاو شل بوون و لەرزین و بێتوانایی، هەنگاو هێواش بوونەوەو نەبینین ـ وەك لە بوو لێڵ و تاریکیدا) هەموو ئەوانە زۆر بە ڕاستەوخۆو لە ڕێگەی هاتنی پاییزەوە و نیشانە و ئاماژەی پیرین. واتە، بە دەربڕینی

شیعرییەوە، پاییز هۆکارەکەیە، بەڵام ناڕاستەوخۆ بەسەرچوونی تەمەن و داننانە بە پیری و هاوبەشی کردنە لەگەڵ سروشتدا، هەرچەند ئەو بە نەمر و بەهێزتر وەك بوویەکی گەورەتر و دەسەڵاتدارتر و نوێنەری خوا ـ گەردوون سەیر دەکات.

## ۵ـ۲ـ تەنیایی

تەنیایی لەم دوو شیعرەی شێرکۆبێکەس‌دا ڕووبەرێکی بەرچاوی دیاریکردووە. ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەم جۆرە تەنیاییە، لە هەندێك شوێنی کەمدا نەبێت، کە باس لە تەنیایی وەکوو بابەتێکی فکری و فەلسەفی دەکات، زیاتر دەربڕینی ئەو حاڵەتە دەروونییەیە کە بە هۆی پیرییەوە تێی‌کەوتووە و تەواو قۆناغبەندە، یا باشتر بڵێین قۆناغی بیر و دەروونی دوای هەستکردن بە پیرییە. زۆر بە ڕوونی لە شیعری یەکەمدا تەنیابوون لە دوای وەرینی گەڵا و گوڵی درەخت و تێبەڕینی بەهاری تەمەنەوە ڕوو دەدات (هەروەختێ باخ، گوێی لەگەڵا وەریوەکانی ژێر خۆی بوو). لە شیعری دووەمیشدا لە چەند جێگەدا ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ لە وێنەی شیعریدا تەنیاییی چ وەك ڕاستییەکی بوون و چ وەك هەستێکی دەروونی دوای پیری، دەبینرێت. نموونەکانی ئەم باسە:

پاییزیش وەك منە و بێوەژن
تەنیایە و دڵشکاو

لێکچوونی پایز بە دایکی و بێوەژنی و نیشاندانی تەنیاییەکەی، جگە لەوەی شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت ئەو هەر لە مناڵی و گەنجییەوە تەنیایی ناسیوە و ئاشنایە پێی (چونکە لە مناڵییەوە دایکی بێوەژنە)، لەگەڵ ئەوەشدا پێناساندنی پاییزە بۆ ئەوەی کاتێك لە گەورەییدا دێتە ناو مرۆڤەوە، لەگەڵ خۆیدا تەنیاییەکانی دێنێ. ئەم وێنانە قوڵبوونەوەیەکی فەلسەفی و بەشداربوون و بیرکردنەوە لە سروشت و مانای تەنیاییشە. بێجگە لەوەی بۆ مرۆڤ- شێرکۆ (هۆکارێك ئەوەی دروست کردووە کە «بێوەژن بوونە») بنەڕەتی و هەمیشەیی نییە. سەرەڕای ئەوەش دەرخستی هۆکاری تەنیاییشە کە پیرییە و لێکچونیشیەتی بە سروشت وەك لە درێژەیدا دەڵێت:

بەڵام ئەم شیعری خۆی
هەمیشە هەر لەسەر
گەواڵەی کۆچەرو
تەوێڵی گردۆڵکەی ڕووتەن و
گەردن و سەرسنگی
درەختی ڕووت و قووت ئەنووسێ! (۳۰۵)

دەستەواژەگەلێک وەک گردولکەی ڕووتەن، درەختی ڕووت و قووت، هەناسەی غەریبی، عەشقی سەرمەدی، لەگەڵ مانا بنەڕەتییەکانی خۆیاندا مانای بارکراویان هەیە، بۆ دۆزینەوەی ئەوەش پێویستمان بە سەرنجدانە بەو پەیوەندییەی کە عەشق بە تەنیایی و دیاردەی خەزان و غەریبییەوە هەیەتی، چونکە «دۆزینەوەی مانا لە شیعردا بەوە نابێ کە ماناکان بە ئاشکرا لە نێو دەقەکەدا ئامادە بن، بەڵکوو ئەبێ زنجیرەی پەیوەندییەك هەبێ بۆ لێکدانەوەو شیکردنەوەی دەقەکە» (حەسەن پاڵەوان، ٢٠٠٢: ١٦٢)، هەروەهاش لە دێڕی «بۆ شەوی تەنیایی ژوورەکەم»دا زۆر بەڕاستەوخۆیی دان بە تەنیا بوونی خۆیی و چۆڵبوونی ژوورەکەی خۆی دەنێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە بە پێچەوانەی هەندێ لە شاعیرانی نوێخوازی ڕۆژهەڵاتەوە، وەک هەندێک پێیان وایە، بە تایبەتی لای شاعیری فارس، سوهرابی سپهری، کە ژیان لە تەنیاییدا یەکە نەشئە دەکات و لە خەڵوەت و بێدەنگی و بە خۆڕاگەیشتندایە کە دەپشکوێت» (قوام و واعظزادە، ١٣٨٨: ١١٦)، تەنیایی لەم شیعرانەی شێرکۆدا نەک وەرسکەر، نە خوازراو نییە و هەمیشە ئاماژەیە بۆ شتێکی ترسناکتر و تۆوی تێمەی سەرەکی دەچێنێت، کە لە بەشە تیۆریکەکەدا ئاماژەمان پێدا ئەویش «مردنە» و زۆر بە جدی و تێڕامانەوە لەسەری وەستاوە، کە هەوڵ دەدەین نموونە و وێنە و پەیوەندییەکان پیشان بدەینەوە.

٥-٣- مردن

ئەم چەمکە چ بە ڕاستەوخۆ و چلە شێوەی ڕەمز و ئاماژەدا لە چەندین دێڕدا پانتاییەکی زۆری لەو دوو دەقەکەدا گرتۆتەوە، بە جۆرێك لە زۆر جێگەدا چەمك و تێمەکانی «پیری» و «تەنیایی»یش نیشانە و ئاماژەیەکن بۆ ئاڕاستەی مردن و بیرمان بۆی پەلکێش دەکات، کە هەوڵ دەدەین بیانخەینە ڕوو. سەرەڕای ئەوەی لە شیعری یەکەمدا بە ڕاستەخۆ ئەم واتایە نەهاتووە، بەڵام لە ڕێگەی هونەری شیعریی کەساندنەوە و بەهۆی وەرین و زەردبوونی گەڵاوە لە یەک کاتدا هەم پیری و هەم مردن بەرجەستە دەکرێت. بە تایبەتی کاتێك درەختی بەکەسبوو لە ڕێگەی گێڕانەوەوە هەست و ترسی خۆی لە تەنیایی و پیری و دواجار مردن ڕەها دەکات و کەمێك پشوو بە خۆی دەدات، لەمەشدا لێکچونێك دەبینین لە گەڵ بۆچونی «فیورباخ»دا کاتێك ئەو پێی وایە: کە لە ڕێگەی گێڕانەوە و یادەوەرییەوە ناو و ناوبانگ بەردەوامە، لە مرۆڤدا پاش مردن هەندێك شت دەمێنێتەوە (صەبوور، ٢٠١٤: ٦٩)، کە ڕەنگە بەشێك لە نەمری تیایدا بە دەست بێت. هەروەك شاعیر شێرکۆ هەوڵی بۆ داوە. بەڵام لە شیعری دووەمدا جگە لەوەی بەراورد کراوە لە نێوان مردنی سروشت و مرۆڤدا، بیرێکی هاوتەریبی بیرە فەلسەفییەکان دێتە بەرچاو و زیهنی

خوینەر، کە بەسەر دوو دەستەی زەینی و بابەتیانەدا دابەش بوون، کە هەندێکیان مردن بە دیاردەیەك دادەنێن، کە لە جیهانی دەرەوە ڕوو دەدات و تایبەت نییە تەنیا بە مرۆڤەوە، بەڵکوو لەوەدا هەموو گیانلەبەران و ڕووەکەکانیش هاوبەشن. دەستەی دووەم لە سەر ئەو بۆچوونەن کە مرۆڤ تاکە بونەوەرێکە، کە ئاگایی بە مردنی خۆی هەیە و بیری لێدەکاتەوە، بەڵام بوونەوەرانی تر بە مردنی خۆیان ئاگاییان نییە (سەرچاوی پێشوو: ٦٦)، کە ڕەنگە ترس و قورسی خودی مردن هەر ئەو ئاگاییە بێت، هەرچەندە لە شیعری یەکەمدا لەڕێگەی بە کەسکردنەوە هەمان هەست و بیر بە سروشت دەبەخشێت کە مرۆڤ هەیەتی. بەڵام لە هەندێ دێڕی شیعری دووەمدا وەکوو دوو جەمسەری جیاواز لە سروشت و مرۆڤ ڕوانراوە. نموونە بۆ چەمکی مردن لەم دێڕانەدا دەبینرێت.

بۆ ئەوەی تەماشات
تێکەڵی تەماشای خوا بکەی
بچیتە نهێنی بوونەوە و
لە کۆچ و لە عەشق و
لە سەراب
تێبگەی:
هەر ئەبێ لای پاییز بخوێنی و.. (۳۰۷)

لێرەدا ڕاستەوخۆ باس باسی مردن نییە، بەڵام ئەی ئەکرێ باسی بوون و نهێنی بوون و خوا و سەراب و پووچی بکرێت، بیرمان بۆ مردن و مەرگ و نەزانراوی چارەنوس و پرسیارەکانی مرۆڤ و هۆکاری پووچیی ژیان نەچێ؟؟، دیارە کە ناکریت، لێرەدایە نووسەری لێهاتوو پەیوەندیی واتایی لە نێوان دیاردەی حەقیقیی سروشت و ئەو دانە زمانییانەدا دەدۆزیتەوە و وا دەکات بیرێکی قووڵ و تێڕامان لای بیسەر و خوێنەر دروست بکات و دەقی شیعری نزیك بکاتەوە لە بۆچوونە فەلسەفییەکان. لەشوێنی تردا و لە پیشاندانی هاوبەشی خۆیی و پاییزدا دەڵێ:

پەیکەری مەراق و ڕامان بووین،
چاوەڕوان پێکەوە
بەرامبەر نادیار،
ئەوق ئەبوین، دائەماین (۳۰۸)

جەخت لەسەر هەمان بیرو چەمك دەکاتەوە و نادیاری وجوود و ئەنجامی مرۆڤ و گەردوون، ئەوق بوون و سەرسوڕمان دروست دەکات و دووبارە هەم هاوتا و هەمیش دژەکەی ژیان وەبیر دێنێیتەوە کە مەرگە، ئەم ڕەوتە ئیش‌کردنەی شاعیر درێژبووەوەی قۆناغ و ئاستی بیری خۆیی و جێکردنەوەیەتی لە بەرهەمەکانیدا ئەویش لە شێوەی وێنەی فەلسەفیدا، هەر وەك لێکۆڵەرێك لە

شیکردنەوەی وێنە و ئیستاتیکای دەقەکانی شێرکۆدا ئاماژەی بۆ کردووە و دەڵێت: «لەم جۆرە وێنانەدا بیرێکی قوڵ و گشتی هەیە زۆر جار خستنەڕووی پرسیار و گرفتە گشتی و سەرمەدییەکانی ژیانە» (ئەحمەد حسێن، ٢٠٠٨: ٣٧٦). یان:

شیعرمان یەك شیعری،
کۆچڕەوی ناو زەردەی ئێواران

زەردەی ئێواران ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ دیارنەمان و کۆتایی ڕووداوێك،کە ئاوێتەیە لەگەڵ مردندا. لە دوا دێڕەکاندا بەتەواوی هەموو ئەوەی لەڕێگەی هونەر و تەکنیکە شیعرییەکانەوە پیشانی داین، زۆر بە ئاشکراو بێپەردە دانی پێدا دەنێ و دەست دەخاتە سەر ئەو برین و ترسە قووڵەی مرۆڤ کە لەبەرەو فەنا و نەمانچوونیدا هەستی پێدەکات؛ کاتێك دەڵێ:

من و ئەو... پاییزی ناو پاییز،
وەلێ ئاخ... من ئەبێ ماڵەکەی
بۆچۆڵ کەم،
من ئەڕۆم... ئەو ناڕواو
دواجاریش ئەو لەسەر چرپاکەم
ئەخەوێ (٣٠٩)

بە تەواوی بەراوردی مرۆڤ و سروشت دەکات و ئەو خۆی دەخاتەڕیزی ئەو بیرمەندانەی کە باوەڕیان بە جاویدانیی سروشت و زاڵبوون و باڵادەستیی ئەو هەیە، کە ڕەنگە ئاماژەیەکی دوور و کاڵ بێت بۆ بەدیهێنەری و نەمریی ئەو (خودا).

نابێت ئەوەش لە بیر بکەین، کەلەگەڵ ئەوەی شێرکۆ بێکەس زۆر بە وردی وێنەی کۆمەڵگای گوێزاوەتەوە بۆ ناو دەق، بەتایبەتی حاڵەتەکانی قۆناغی پیری و پەیوەست بە تەنیابوونی. بەمەش دەق ئاوێزان بە بیرۆکەی فەلسەفی و تیۆریکی کۆمەڵناسانە دەکات (الماضي، ٢٠١٠: ١٨٢). هەروەها حاڵەت و بارە سایکۆلۆجییەکانی خودی نووسەر، بە تایبەتی لە دەقی دووەمدا، کە لە ساڵی ٢٠١٢دا وتراوە و نزیکە لە کۆتاییەکانی تەمەنی شاعیر و قۆناغی پیرییەتی. لەشی-کردنەوەی نموونەیەکی هاوشێوەی شیعرەکانی شێرکۆدا و لەپێوەندیی نێوان مرۆڤ وخەزان و مردندا نووسەر نەجات حەمید ئەحمەد دەڵێ:

> مرۆڤێك کە بەم شێوەگوتارێکی فیکری- فەلسەفی – دەروونی دروست دەکات، بێگومان هۆکارێکی بنەڕەتیی باری دەروونی کاریگەری کردۆتە سەر، بێگومان «هەستێکی ژیاوەی زاڵ» لە مێشکیدا کاردەکاتە سەری.بێگومان ئەو لە ژێر سیحر و جادووی کارتێکردن و کاردانەوەیەکدا دەژی و هەم ئەم ژیانەش، دەبێ لە نێو خودی زمانی دەقدا بە دووی بگەڕێین. (٢٠٠٨: ٩٦، ٩٧، ٩٨)

هەروەها دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، شاعیر تەنیا لەوەدا تێڕوانین بۆ دنیا داهێنەرانە نییە، کە بە خوڵقاندنی بەرهەمی هونەر ڕۆڵی خۆی بۆ دەرخستنی ڕاستییەک تەرخان بکات و کارکردنی ڕاستەوخۆی بەسەر بیکردنەوەماندا‌هەبێت (محمد کەمال، ٢٠٠٤: ١٢٧)، بەڵکوو هەروەك چۆن سەعدی شیرازی کە کاتێك تەمەنی لە پەنجا ساڵ تێدەپەڕێت، لە بری خەڵوەت و گۆشەگیری بڕیاری نووسینی گوڵستانێك دەدات، *گوڵستان*-ێک کە دەستی خەزان و زستانی پێ‌نەگات (فلاح، ۱۳۸۷: ۲۸۸) بەم داهێنانانە ئاوی نەمری بەدەست دێنن و ڕووبەڕووی چارەنووس دەوەستنەوە، بە تایبەتی دەبینین ئەم شیعرە لە دیوانێکدایە بەناوی *خێراکە مردن خەریکە بگات*، کە بە جۆرێك هەوڵدان و پەلەکردنە بۆ خوڵقاندنی شتێك کە ڕەنگە لەو مردنەی بپارێزیت، هەرچەند ترسی مردنیش لەخۆیدا هەڵگرتبێت. لەگەڵ دان نان بە تەواوبوون و لە دەستچوونی هەلەکانی ژیان و جووڵەشدا و سەرەڕای ئەوانەیش، شێرکۆ لە دروستکردنی پێوەندی نوێی واتاییدا، بیرێکی داهێنەرانەی هەیە و مانای نوێی بەرهەم هێناوە. بۆ نموونە:

شەوانیش درەنگان
خەیاڵم ئەترسا و
لە باوەش خەزانیا، ئەنوستم

تێڕوانینی گەنجێك بۆ خەزان و پاییز لەم وێنەیەدا، زۆر جیاوازە و بەجۆرێك نەك هەر مایەی ترس نییە، بەڵکوو هۆکاری ڕەوینەوەی ئەو ترسەیە و جێگە و شوێنێکی پارێزراوە،- بەڵام دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەم دۆستایەتی و نزیکییە هی قۆناغی پێشوو ترە و، ناڕاستەوخۆ پێوەندیی بەگۆڕینی دیدگای مرۆڤەوە بۆ خودی خۆی و سروشت و دیاردەکانی ناوی، لە قۆناغە جیاجیاکانی تەمەنیدا هەیە- لێرەدایە کە مانای نوێی بۆ پاییز بەرهەم دێنێت و پێچەوانەی بیرە چەقبەستوو و لە پێشینەکانی مرۆڤە. بەم جۆرەی کە خستمانەڕوو شاعیر لە نیشاندانی پەیوەندیی نێوان ئەو سێچەمکە و جێکردنەوەی ئەو بیرانە بە تایبەت بابەتی مردن و خودی بوون، سەلیقە و کارامەیی لەگەڵ وێنە شیعرییەکاندا بەرخەرجداوە، «لەگەڵ ئەوەی وەک فەیلەسووفان، لۆکاچ و گۆڵدمەن هەروەك هیگڵ بانگەشەی بۆ دەکەن، کە هەموو دەقە ئەدەبییەکان–هاوتای- ماناییان هەیە و دەتوانین وەك چەند سیستمێك لە نیشانەی فکری، فەلسەفی، تیۆلۆژی پێناسەیان بکەین» (محەمەد، ٢٠٠٦: ٤١٣). بەڵام دەکرێ بڵێین لەم دەقانەدا ئەو بیرانە بە هێڵێکی ڕاست و دیار و دەرکەوتووتر دەبینرێن و بەردەوام مێشك و دەروونی خوێنەر بەرەو بیرکردنەوە و بەشداری‌کردن لەگەڵ نووسەردا ڕادەکێشێت. هەروەها خاڵێکی زۆر گرنگ ئەوەیە کە واتای ئەو چەمکانە لە نێوەندی دەقەکاندا بە یەکترەوە بەستراونەتەوە و لە لێکدانەوەیەکی جیادا بێ ئاماژەدان بەو پەیوەندییە، شی‌کردنەوەی مانا ناتەواو دەبێت. واتە دەکرێت بڵێین تێمەی گشتی دەق ڕایەڵە و

پێوەندیی نێوان ئەو چەمکانەیە، نەک تاکە تاکەی چەمک وبابەتەکان. جگە لەوەش دەق یارمەتیدەری خوێنەرە کە لە دەرەوەی تێکستدا و لە دەروون و زەین و واقیعدا بە دوای ڕاستی و تێگەیشتنی تەواوی ئەو چەمکانەدا بگەڕێ و لەوێوە پەی بە هەندێ لە وڵامی پرسیارەکانی خۆی وەك بوویەکی بیرکەرەوە ببات.

### ٦- ئەنجام

پێوەندییەکی تەواو و دانەبڕاو لە نێوان مانای ئەم سێ چەمکەدا هەیە، بە جۆرێك باسکردنی هەریەکەیان دوانەکەی تر بیر دەهێنێتەوە، بەتایبەتی قۆناغبەندی زۆر بەرجەستەیە. واتە، ئەوە پیرییە کە تەنیایی دێنێت و دواتر ئەویش بیری مردن دێنێتە زەینمانەوە. ئەو چەمکانە بە تایبەت مردن کە ترۆپك و چەقی واتایی دەقە چ وەك بابەتی دەروونی و چ وەك تێمەی فیکری و فەلسەفی لە تێکستەکاندا نەخشێنراوە. بۆ ڕزگاربوون لە پیری و تەنیایی و مردن و ترسەکانیان، شاعیر لە دەقی یەکەم و دووەمیشدا پەنا بۆ گێڕانەوە دەبات، سەرباری ئەوەی لە دەقی دووەمدا بە ناڕاستەوخو (کەلە دەقی یەکەمیشدا هەیە)، ئەوە خودی دەقەیان داهێنانی شیعرییە کە هەوڵێکە بۆ خۆلادان لێیان (لە تەنیایی و پیری و مردن)، هەرچەندە خۆی لە کاتی داننان بە مردنی خۆیدا، چاوەڕوانی ئەم نەمرییە نییە.

پێوەندییەکی تەواو لە نێوان سروشت و مرۆڤدا هەیە لە چەشتن و هەستپێکردنی ئەو سێ بیر و چەمکەدا، هەرچەند لە دەقی دووەمدا و لە بابەتی مردندا بە تەواوی ئەو دوانە جیادەکاتەوە. ترس لە مردن لە شێوەی دڵەڕاوکێدا دەرکەوتووە. ئەم حاڵەتە باڵی بەسەر دەقدا کێشاوە، جگە لەوەی مردن و دوو چەمکەکەی تر لای شاعیر حاڵەتێکی ئاسایی نییە وەك چۆن لای هەندێ شاعیری تر هەیە، بەڵکوو بەردەوام پرسیار و گومان لە بوون زیاتر دەکات، لەگەڵ ئەو ئازارەی کە بە مرۆڤی دەدات. هەریەک لەو تێمانە دوانەکەی تر وەبیر دێنێتەوە و لە ناو خۆیدا هەڵی گرتوون، کە تێمەیەکی گشتگیرتری نەخشە کێشاوە، ئەویش خودی پەیوەندیی و ڕایەڵەی نێوانیانە. ئەم دەقانە یارمەتی خوێنەر دەدات و لە دەرەوەی دەقیش، بە دوای تێگەیشتنی زیاتری بابەتە فەلسەفی و دەروونییەکان و وەڵامی پرسیارەکانیدا بگەڕێ، چونکە خۆیان لای خوێنەر هۆکارێکی سەرەکیی جوڵاندنی پرسیارن، لەگەڵ بابەتە هونەرییەکانی دەقدا کە باسی سەرەکی ئێمە نەبوو لەم باسەدا.

## سەرچاوەکان

**ئەلف. کوردی**


دیما، ئالیکساندەر (۲۰۱۱). *پرینسیپەکانی ئەدەبناسیی بەراورد*. وەرگێڕانی ئەنوەر قادر محەمەد. سلێمانی: چاپخانەی کەمال.

ئەحمەد حسێن، جەبار (۲۰۰۸). *ئیستاتیکای دەقی شیعری کوردیی کوردستانی عێراق (۱۹۵۰- ۱۹۷۰)*. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

حەسەن پاڵەوان، سەلاح (۲۰۰۲). *داهێنان و مەرگ*. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

شکری عزیز، الماى (۲۰۱۰). *تیۆری ئەدەبی*. وەرگێڕانی سەردار ئەحمەد گەردی. *هەولێر*: چاپخانەی ماردین.

بێکەس، شێرکۆ (۲۰۰۷). *دیوانی حەفتا پەنجەرەی گەڕۆك*. سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.

--- (۲۰۱۳). *خێراکە مردن خەریکە بگات!*. سلێمانی: چاپخانە کارۆ.

عەبدولکەریم، صەبور (۲۰۱٤). چەمکی *ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی و مەولانای ڕۆمیدا*. تاران: چاپخانەی تاران.

محەمەدی، هادی (۲۰۰٦). *فەلسەفە، میتۆد، کۆمەڵناسیی ئەدەبیات*. سلێمانی: چاپخانەی شڤان.

عەبدوڵا، محەمەد ئەمین (۲۰۰۸). *بوون لە شیعری مەحویدا*. سلێمانی: چاپخانەی تیشك.

کەمال، محەمەد (۲۰۰٤). *بوون و داهێنان*. سلێمانی: دەزگای سەردەم.

مەحموود موتەلیب، مەجید و فوئاد مەجید میسری (۱۹۷۸). *شیعر و فەلسەفە*. بەغدا: چاپخانەی عەلا.

حەمید ئەحمەد، نەجات. (۲۰۰۸). *تیۆری بنیاتی شاراوە*. هەولێر: دەزگای ئاراس.


**بێ. فارسی**


ریما مکاریك، ایرنا (۱۳۸۸). *دانشنامەی نظریەهای ادبی معاصر*. ترجمەی مهران مهاجر و محمد نبوی. تهران: نشر آگە، چاپ سوم.

داد، سیما (۱۳۹۰). *فرهنگ اصطلاحات ادبی*. تهران: انتشارات مروارید، چاپ پنجم.

ولك، رنە و اوستین وارن (۱۳۹۰). *نظریەی ادبیات*. ترجمەی ضیاء موحد و پرویز مهاجر. تهران: انتشارات نیلوفر، چاپ سوم.

باقی نژاد، عباس. (۱۳۸٦). «شاملو شاعر زندگی و مرگ». مجله *زبان و ادبیات فارسی*. سال ۳، شماره ۹.

رحیم‌زاده، سوسن و همکاران (۱۳۹۰). «مبانی مفهوم احساس تنهایی». *روانشناسی تحولی (روانشناسان ایرانی)*. سال هشتم، شماره ۳۰.

رحیمی ششده، غلامرضا و ناصر صفابخش (۱۳۹۱). «تقابل جوانی با پیری بر اساس عنصر رنگ در تصاویر نظامی». *متن‌شناسی ادب فارسی* دوره جدید، سال چهارم، شماره ۱.

پروانه، رووین اهلی (۱۳۹۲). «بررسی مقایسه‌ی مفهوم تنهایی در شعر نیما یوشیج و شفیعی کدکنی». مجله ادبی *پیاده‌رو*.

شیبانی تذرجی، فاطمه و همکاران (۱۳۸۹). «تأثیر خاطره‌گویی بر میزان افسردگی و احساس تنهایی سالمندان». فصلنامه *روانشناسی کاربردی*. سال ٤، شماره۱.

فهیم کلام، محبوبه و محمدرضا محسنی (۱۳۹۰). «تحلیل روانشناسی مرگ در اسکار و خانم رز»، *پژوهش ادبیات معاصر جهان*، دوره ۱۷، شماره۲.